# یەکەم شەوی هاوسەری لەنێوان کولتوری کۆمەڵگاو غەریزە سێکسیەکان



ئا: پەژارە مەمەندساڵح

هەر پەیوەندیەکی ئەوینی نێوان دوو رەگەزەکە ئاکامی چوونە ژیانی هاوسەرییە. هەوڵدانێکە بۆ بەیەکگەیشتن، بۆ پەرەپێدانی ئەم پەیوەندیەش تێرکردنی چەند غەریزەیەکی پێویستە. بەڵام لە کۆمەڵگای خۆماندا سەربەستی سێکسی بوونی نیە. تەنانەت لە پەیوەندی ئەوینیشدا کۆتو بەندی کولتووری هەیە. بۆیە هەر پەیوەندیەك تەنها تێرکردنی لایەنی روحیو دڵە لایەنی سروشتی غەریزەیی بڤەیە. بۆ چەشتنی چێژی سێکسی چاویان لە کۆشکی هاوسەریەتیە، یەکەم هەنگاویان بۆ چوونە ناو ئەم کۆشکە تەقاندنەوەی هەنبانە سێکسیەکەی هەردووکیانە. کەواتە هاوسەری جگە لەوەی پەیوەندییەکی گیانیە زێدەتر جەستەییو غەریزییە بەتایبەتی لە کۆمەڵگایەك چەپاندنی سێکسی تیایدا باوبێت. ئەوەی دەمەوێ بیوروژێنم چۆنایەتی هەڵوێستی هەر یەکە لەکوڕو کچەکەیە لەیەکەم شەوی بەیەکگەیشتنی زاواییدا. ئەو شەوەی بونیەتە راستەقینەکەی هەردوکیان داپۆشراوە بەشەرمو چێژو ترسو دڵەڕاوکێو کۆتی دەروونی کوڕان هەر لەمنداڵیەوە لەزۆر لایەنەوە بەتایبەتی لایەنی سێکسی بەرد لەسەر سەرجەمی هەستە سێکسیەکەی دادەنێو رووبەڕووی چەپاندنگەلێك دەبێتەوە. جگە لەو کولتورەو هێزە ئاینیەی ئابلۆقەی داوەو پێیدەڵێت"تۆ تەنیا بە چوونە ژیانی هاوسەریەوە چەژەی سێکس دەچێژیت. هەر لەتەمەنی گەشەی سێکسیەوە تا کاتی چوونەژیانی هاوسەری تاکێکی چەپێنراو دەڕسکێ. لەیەکەم شەوی هاوسەری دەیەوێت تۆڵە ئەو فشارە کۆمەڵایەتیە کە نەیانهێشت سەربەستانە لایەنی سێکسی تێر بکات لەجەستەی کچە شەرمنو حەڵاڵکراوەکەی بکاتەوە. لەنمونەی ئەم جۆرە کەسانە چەند کوڕوکچێکم دواند کە یەکێکیان چوار ساڵ بەسەر شووکردنیدا تێپەڕیبوو گووتی" لەبەر ئەوەی یەکەم جارم بوو لەژیانمدا شتی وا ببینم قەت بیرم ناچێتەوە، وای دەزانی پارچە گۆشتم لەبەردەمی زۆر بەتوندیو بەهێزی دەستە زبرەکانی هەموو گیانی وێران کردم، بەپەلە وەك ئەوەی گورگ بەدوایەوە بێت. لەوەها دۆخێكو کۆمەڵگەیەك پیاوەتیو مەردایەتی کوڕان بەستراوەتەوە بەوەی چەند بەهێزو گوڕانە شەوی زاوایەتی پیاوەتی خۆی بسەلمێنێ کەواتە کوڕانی کۆمەڵگاکەم جگە لەوفشارو غەریزە سێکسیە فشاری سەرانی خێزانەکەیو کۆمەڵگاکەی لەسەرە کە لەهەموو کونو کەلێنێکەوە گوێیان رادێراوە بۆ بینینی زەنگی پیاوەتی. کوڕیش بۆ هەوڵدان لە پێناو پەیداکردنی پێناسەی پیاوەتیو خستنە بەردەمی کۆمەڵگەکەی چەند هەڵوێستێك دەنوێنێ، جەستەی کچە ناسکۆڵەکان دەکاتە قوربانی بێ لەبەرچاوگرتنی هەستی مێینەی، لەژێر کایگەری فشارە کۆمەڵایەتیەکانو غەریزە سێکسیەکانو نا ئاشناییو نەزانینی پیاو لەجەستەوە خەسڵەتی ئافرەت کە لەیەکەم شەودا جڵەوی هەستو ئارەزووی پیاودەگرێ. دۆخی ئافرەتیش وەك هەمان دۆخی ئەو ئافرەتەیە لە نەخۆشخانەیەکدا بینیم لەیەکەم شەو تووشی خوێن بەربوون ببو، دوای خۆپێناساندن ئەم باسەم لەگەڵ وورووژاند رووخساری تێکچوو بە بیرکەوتنەوەی ئەم حاڵەی تووشی بووە گوتی" خۆزگە ئەم شەوە لەژیانمدا نەبایە، ئەوەندە بەپەلەو خێرا بوو هەرئەوەندەم زانی خۆم لە نەخۆشخانە دیتەوە" هەندێك جار سنووری مەیلی سێکسی پیاو لەیەکەم شەوداو هەوڵدانیان بۆ بەتاڵکردنەوەی ناخیان خۆی لەچەندینجار دوبارەکردنەوەی کردەوە سێکسیەکەدا دەبینێتەوە بەمەش ئافرەتەکە توشی خوێن بەربوون دەبێت وەك (بەیاد خان) گووتی" باشبوو ماڵمان لەنزیك بنکەیەکی تەندرووستی بوو بەهۆی چەندجارە دوبارەکردنەوەی رێژەیەکی زۆر خوێنم لەبەر رۆیی هەستم بە بێتاقەتیەکی زۆر کرد، بەپەلە گەیاندیانمە لای دکتۆر ئەگەر دە دەقیقە دیکە دواکەوتبام وەك دکتۆر پێیگوتین رووبەرووی مەترسی دەبوومەوە. خاتوو ئاواز کە پزیشکی ئافرەتانە لەبارەی گرفتەکانی یەکەم شەوی هاوسەری بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانمانی دایەوە:-

ئەم دۆخانەی ئافرەت لەیەکەم شەوی هاوسەریدا توشی خوێن بەروبون دەکات چین؟ دکتۆرە ئاواز گووتی" ناسکی ئافرەتو تەسکی ئەندامی مێینەیو بەهێزیو پەلەکردنی پیاوانیش لەو ساتەدا، هەروەها پەردەی کچێنی وەکو لاستیك وایەو لە کچێکەوە بۆ کچێکی دیکە دەگۆڕێو ئەو کچانەی پەردەیان ئەستوورە پیاوەکە ناچار دەکات بەهێزو بەپەلە بێت ئاکامی ئەوەش خوێن بەربوون ببێتەوە، هەروەها پێویستە پیاو دوای نەمانی پەردەی کچێتی خۆی بەدوور بگرێت لە مومارەسەی سێکس تا بیستو چوار کاتژمێر بەڵام بەهۆی گوێپێنەدانی هەندێك پیاو بەو مەسەلەیە دەبێتە هۆی خوێنبەربوون" لەوەڵامی پرسیاری ئەوەی کە زیانەکانی خوێن بەربوون چین" دکتۆر ئاواز گوتی" ئەگەر خوێن بەربوونەکە زۆر بوو جەستەی ئافرەتەکە تەحەمولی نەکرد ئەوا کاریگەری خراپی دەبێت بەتایبەتی بۆسەر گورچیلەو هەروەها دڵ، ئەگەری ئەوە هەیە گورچیلەی لەدەست بدات" سەبارەت بەو ئافرەتانەش کە نەخۆشی هیمۆفیلیایان هەیە گوتی" ئەو ئافرەتانە کە گرفتی نەوەستانی خوێنیان هەیە پێویستە لەژێر چاودێری دکتۆر دابن ئەگەر نا گریمانەی گیان لەدەستدانیان لێدەکرێ" سەبارەت بەو رێوشوێنانەی پێویستە کوڕوکچ لەو شەوەدا پەیڕەوی

بکەن گووتی" لەسەر کچەکە پێویستە کە خۆی گرژ نەکاتو حاڵەتەکە بە ئاسایی وەربگرێت، پیاوانیش پێویستە لەسەرخۆو هێمن بنو ئەگەر پێویستی کرد سەردانی دکتۆری پسپۆر بکەنو رێنمایی وەربگرن" لەیەکەم شەوی هاوسەریدا بەتەنها کوڕ نیە بەر شاڵاوی هەستە سێکسیەکانو فشارە کۆمەلایەتیەکان دەکەوێت، بەڵکو ئافرەتیش هەمان حاڵەتی تووش دەبێت هەرچەندە هەردوو هۆکار لێکجیاوازن کوڕەکە بەهۆی رەفتاری توندو پەلەکردن ئەوا کچان بەهۆی شەرمو ساردییەوەیە لەرووی سێکسیەوە، خاڵی هاوبەشیشیان تەنها ترسە. لەدیدی ئەو پیاوانەی خوێندنەوەیان بۆ دەوروبەروویان هەیە تێرکردنی خواستە سێکسیەکان پەیوەندی بەهەردوولاوە هەیەو وەکو یەك پێویستە مامەڵەی لەگەڵدا بکەنو پێویستی بەلێکتێگەیشتنو هاوکاری هەردوولا هەیە، ئەمەش یارمەتیدانی یەکتریە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاسایی شەوی بەزاوایبونو بەژنبوون تێپەڕێ. بەڵام ئەفسوس بەهۆی ئەو پەرژینە کولتووریەی دەوری کچانی داوە خامۆشو کپیەك بەڕوویانەوە دیارە وەك(ناسکە)ی شەرمن دەیگووت" ئەگەرچی لێی مارەکرابوم، بەڵام هەر شەرمم دەکرد هەوڵم دەدا دوابخرێ، ئەویش پێی سەیربوو، چەند جار داوایلێکردم کەوانەبم بێهوودەبوو بۆیە رقی هەڵساو پەلاماری دامو گووتی دەبێ بزانم تۆ بۆ وادەکەی" ئەم شەرمو خۆبەدەستەوەنەدانەی ئافرەت لای پیاو دەبێتە هۆکاری دروستبوونی گومان لە کچیەتی ئەو کەسەو بەهۆی ئەوەی هەر لەمنداڵیشەوە وافێرکراوە کە کۆنترۆڵی ئافرەت بکاتو ئەو پێشینە سایکۆلۆژیە کەڵەکەبووە، دەشبینێت کچەکە هەڵوێستی ئاوایە ترسی لێسەندنەوەی جڵەوی دەسەڵات سالاریەکەی هەیە بۆیە لەو شەوەدا لەبەرامبەر ئەم ترسو شەرمەی کچەکەدا هەڵوێستی توند دەنوێنێ. گرفتێکی دیکەی کوڕوکچی کۆمەڵگاکەمان کەسوکاری زاوایە کە بۆ بیستنی هەواڵی بە پیاوبوونی کوڕەکەیان ئێشکگری دەکەنوبە لەدەرگادانو(چەپڵە، بووبەچی، درەنگە)و بانگکردنەدرەوەی کوڕەکە حاڵەتێکی دەروونیو شەرمو ترس بۆ کچەکە دروست دەکەن هەروەك شەهلا باسیکرد" من خۆم لەبنەڕەتدا شەرمن بووم کە دەمبینی کەسوکاریشی بانگیان دەکرد بۆ بیستنی هەواڵی پیاویەتیەکەی هەم ئەو پەلەی دەکرد ئەم منیش زیاتر شەرم دایدەگرتم" ئەم دیاردەیە هەرچەندە ئێستا کەمبۆتەوە لە شارەکاندا بەڵام تارادەیەك لە هەندێك شوێن باوی ماوە. مەتاتی بوونی پەردەی کچێنی لەهەندێ ئافرەتدا بۆتە گرفتو دروستبونی گومان لای پیاوەکەو کەسو کاریەوە هەروەك پورە فاتم گووتی" بە ئاستەم لەبیرمە یەکەم شەو لەحاڵەتێکی ناخۆشدا بووم، هیچمان هەستمان بە نەمانی پەردە نەکرد، مێردەکەم نەدەچوو دەرێو کەسوکاری کردیان بەهاتوهاوار باوکیو پوری قۆڵیان گرتمو بردیانمەوە بۆ ماڵی باوکم کاتژمێر یەکی شەو بوو باوکم حەپەسابوو گووتی" چیە خێرە" یەکسەر مێردەکەم پەرۆ سپیەکەی بەرووی دادا، ئەمجار منو باوکم زانیمان مەسەلە چیە باوکم لە پاکی من دڵنیابوو گووتی" ئێستا دەچینە لای دکتۆر ئەگەر خەتا لەکچی منەوە بوو دەیکوژم گەر واش نەبوو بەمارەییەوە لێتان دەسەنمەوە". چووینە لای دکتۆر دوای پشکنینو لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە پەردەی کچێنیم ئەستوورەو هەر کچم، دکتۆر زۆر تووڕەبوو لەماڵی خەزوورم بە تایبەتی مێردەکەم. بەهەرحاڵ مەسەلەی چوونە سووری مانگانەش بۆخۆی گرفتێکی دیکەیەو زۆر جار بەهۆی شەرمکردنی کچەکە لەباسکردنی یاخود نەشارەزایی کوڕەکە بەو مەسەلەیە گرفتی لێکەوتۆتەوەو بۆتە کێشەی نێوان بووكو زاوا تا دواتر لەلایەن کەسوکاریانەوە مەسەلەکەیان بۆ رونکراوەتەوە. لەکۆتاییدا دەڵێین بوونی رۆشنبیری سێکسی لای کوڕو کچو شارەزابوونیان بە شێوازی مامەڵەکردنی دروست بەهۆی رێنمایی تەندروستیو یاخود وەرگرتنی ئامۆژگاری پزشکی پسپۆر لەیەکەم شەوی هاوسەریداو بەهەند وەرگرتنی باری سایکۆلۆژیو جەستەیی ئافرەتەکەو هەستو سۆزیو خولقاندنی کەشێکی رۆمانسی هۆکاری گرنگن بۆ دروست نەبووونی گرفتو کێشەوتێپەڕبوونی ئەم شەوەو بە ئاسانی بە بووكو زاوابوونی هەردولا.



# ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنوسی کاوێژکار



**..ئەرسەلان مەحمود**

بەلەبەرچاوگرتنو لەژێر ڕۆشنایی یاساو ڕێسا جۆراوجۆرەکانی بواری ڕۆژنامەوانی، بەخوێندنەوەو تێگەیشتن لەئاستی پەرەسەندویی‌و هۆشیاری کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی دی، ئەرك‌و کارەکانی ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنوس، بەتایبەتیش ئەو ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنوسانەی کە لەشێوە فۆڕمێکی میللیدا، بڵاودەکرێنەوەو کاری ڕۆژنامەوانی دەکەن، دوور لەوەی سەبارەت بەجۆرێك لەهەبوونی ئازادی ڕەهای کاری ڕۆژنامەوانی یان نەبوونی ڕۆژنامەنوسی بوێرو زیندوو ئەوجۆرە بابەتانە بدوێم‌و بمەوێت خەسڵەتە فرە ڕەهەندەکانی ئەم سیستەمە، کەلەبنەڕتدا، کاری منێکی کەم دەست لەوبوارەدا نیە، بخەمە بەرشەن‌و کەوکردنێکی کرچ‌و کاڵ، هەر ڕۆژنامەیەك، دوور لەمەهامی ڕۆژنامەوانی خۆی کەکارکردنە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری‌و خستنەڕووی هەردوو دیوی ناوەوەو دەرەوەی دیاردەو دەرکەوتەکان‌و برەودانە بەکرانەوەی کۆمەڵگا بەگشتی، ئەگەر لەژێر سایەو هەرپاساوێکیشدا دەربچێت‌و بڵاوبکرێتەوە، چ وەك بەرپرسیارێتی‌و چ وەك ئەخلاقیەتی کارو عورفی ڕۆژنامەوانی، نەشیاوەو ناتەندروستە..چونکە هەم زیان بەسلوکی هەردوو دیوی بوارەکە دەگەیەنێت‌و هەمیش هیچ جۆرە حیکمەتێك لەوەدا بەدیناکرێت کەحکومەتی هەرێمی کوردستان، یان سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان‌و شوێنە پەیوەندیدارەکان بەگشتی، بێ پێداچوونەوەو لەبەرچاوگرتنی یاسایی کار، کارئاسانی‌و هاوکاری دارایی دابین‌و پێشکەش بکەن‌و تەنانەت ڕێگابدەن خاوەنداریێتی بدرێتە ئەوانەی هەلومەرجی ئەمڕۆی بواری بێ سەروبەری ڕۆژنامەوانی‌و ئیداراتی هەرێمیان ئیستغلال کردوەو دەکەن، بێگومان ئەوجۆرە ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنوسانە" ئەگەر بێمە سەر ئەژماردن‌و ناوهێنانیان، بەو کەم ئەزموونیەیی خۆشمەوە، بەلاتانەوە سەیرو زۆرنەبێت گەربلێم ناوی دەیان بڵاوکراوەو چەندین ڕۆژنامەو زۆرێك لەوجۆرە ڕۆژنامەنوسانە، چۆن لای منێك دەست دەکەون، ئاواش نادیدەیی لەوەدانییە تۆیەکی خوێنەریش دەیانناسی، هیچ نەبێ ڕێکەوتووە سەرئێشەیەکیان لەئادای کارکردن‌و بڵاوکردنەوەدا بۆ دروست کردبیت "چونکە ئەوانە وێڕای ئەوەی کەم نەخشن، چ جۆرە کاریگەرییەکیشیان لەدوای خۆیان بەجێ نەهێشتووەو بەجێشی ناهێڵن، ئەوەندەی خەریك‌و سەرگەرمی جوینەوەو کاوێژکردن‌و خۆ دوورە پەرێزگرتنن، ئەوەندە دەست لەسەر بابەت‌و مەسەلە بنەڕەتی‌و جەوهەریەکان دانێنن، ئەو شێوەکارکردنە، نەك وەك پێچەوانەی کارەکەیان تێدەگەن‌و چاوپۆشی دەنوێنن، بگرە بەهوونەرو جۆرێك لەحیکمەتیشی دەزانن، بۆیە مومکینە شیاوبێت هاوکاری‌و کارئاسانی بۆ پشیلیەك بکەیت، بەنیەت‌و نیازی ئەوەی بەدەستێکی فێرە هەڵگرتنی ڕووناکی یان مۆمێکی بکەیت، ڕەنگە سەرکەوتنێکی بەرچاویش وەدەست بهێنیت، وەڵێ پشیلە، لەئەسڵدا هەڵگرتنی ڕووناکی کاری ئەونییەو هیچ کاتێکیش دەسبەرداری خەسڵەتە پوچەکانی خۆی نابێت‌و نایانگۆڕێت، بەجۆرێك کەهەرکاتێك نێچیرەکەی ببینێت، نەك هەرمۆمەکە بۆ ڕاوکردن، فڕێدەدات، بەڵکو ئاگرێکی وەهاش دەخاتەوە، پۆلیسی ئاگرکوژێنەوەکان ئەوەندەی دی‌و لەخۆوە دەباتە حەوت تەبەقەی ئاسمان، بەڵێ ئەوەیە جیهانی پشیلەو جۆرێك لەڕۆژنامەو ڕۆژنامەنوسانی دونیایی ئەمڕۆی کوردەواری، ئەوانە چی دەکەن‌و چی دەچێنن، هێندەی کاڵەك خۆرن، ئەوەندە گرنگ نییە بەلایانەوە چ جۆرە بێستان ڕنێکبن، هەڵگری ئەم شێوە خەسڵەتانە، زۆرتریش وەك مەڕو ماڵاتی هەست بەهیچ نەکردو دەردەکەون، نایانەوێت لەقاوغی هەلپەرستانەی مەرام‌و بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان‌و خۆژیاندنی ناتەندروستیانەی خۆیان بێنەدەرەوە، هەمیشە لەسەر خوانی پیاوماقوڵ‌و کاربەدەستان دەژین‌و چاوەڕوانی پاداشت‌و پرکردنی بەرباخەڵەیانن.. دەشێت چوار پێنج ڕۆژو مانگ‌و ساڵێك، ئەندامی ئاسایی حیزبێك بیت‌و بەهۆی کوتلەبازی‌و وەسائیلەکانی دیکەوە لەپرێکدا هەرچەند



کەم ئەزموون و ناشارەزاو دەستو پێ سپیش بیت بەخت یاوەرت بێو ببیتە بەرپرسێکی گەورەو تەنانەت ئەندامی پەلەمانێکیش!..دەشێت مێردمناڵبیتو لەناو خانەوادەیەکدا دوای مەرگی باوانو براگەورە هەرچەند هیچ لەکاروباری ژیانو دینو دنیاو عورفە کۆمەڵایەتیەکان تێنەگەیشتبیتو نەزانی، بکرێیتە دەم راستو شوێنگرەوە!..هەروەك چۆن لەوڵاتی ئێمەدا شیاوتریشە، هیچیش لەسیاقەت نەزانیو مۆڵەتی لێخورینی ئۆتۆمۆبێلیشت لەتەنگەی باخەڵدابێت!..بەڵام لەناو ئەم فەزاکراوەیەی ئەمڕۆدا، وەختێ دونیا چاوی لەسەرتە، کارەساتە هەڵگری عینوانێکی گەورەو گرانی ڕۆژنامەوانی بیتو لەپێشبرکێیەکی سەرەتایی ئەوبوارەشدا، بۆئامادەکردنی ڕیپۆرتاژێکی دڵخوازانەی خۆویست، جگە لەیەك دووناو، لەناو کۆمەڵێك تازە لاودا، یەکەمبیت لەریزی دوایی دواوەو دەسبەرداری کارەکەشت نەبیت!..کارەساتە خاوەنداریێتی ڕۆژنامەیەکت بدرێتیو بیکەیت، تەنها بەخاتری ئەوەی پارەوچەورەکان بپارێزیو لافی ڕۆژنامەنوسیش بەملاو ئەولا بفرۆشیت، کارەساتە هەموومان دەممان لەقوڕگی پەرلەمانو بەرپرسەکانو حکومەت ناوەو کاکی خاوەن ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنوسیش تەکانێك نەخۆیو نەڕۆژنامەکەشی (لەچوارچێوەی یاساکانی ڕۆژنامەوانیدا) تجاوز پێنەکات!..بەومانایەی بەجورئەتەوە بەرپرسیارێتی سەرشانی راینەکات!..هەروەك چۆن دەگونجێت خاوەن کۆمپانیایەك بیتو خاوەنداریێتی ڕۆژنامەیەکیشت بەهۆی پارەو پولەوە پێ برابێت، بەڵام کارەساتو ئەوپەڕی گەندەکارییە، ستافی ڕۆژنامەکەت کەکاری ئەوان لەبنەڕەتدا کاری ڕۆژنامەوانییە بەهەر بروبیانوێك، لەمافەبنەرەتیەکانی خۆیان کەمبەش و بێ بەش بکەیتو لەهەمانکاتیشدا، داهاتەکەی بۆ مەرامو دڵدانەوەی لابەلا لەخۆڕازیکردن، ئاوەڵەو ئیستغلال بکەیت!..کارەساتە چاودێریکارێکی ووردو بابەتی ڕووداو پێشهاتەکان نەبیتو بەجورئەتەوە شرۆڤەکارێك نەکەیت کەلەئایندەدا هەم وەك بەرچاوڕوونیو هەمیش وەك سەرچاوەیەکی مێژوویی سودبەخش نەبیتو لەوسەریشەوە شەقامو لایەنە پەیوەندیدارەکانو کۆمەڵگا بەگشتی بەگەمژەو بێ ئاگاو خەڵەفاوو لەدەستان چوو بزانی!..هیچت نەکردووە ئەگەر مەسحێکی داهێنەرانەی رایگشتیت نەکردبێو بابەتە پرکێشمەکێشمو هەستیارەکانت نەوروژاندبێتو بێی لەبەرامبەردا سەرگەرمی وروژاندنی سیناریۆ سۆزداریو سێکسیو حیکایەتە



خواروخێچەکان بیت!..نەتتوانی بێت بیروڕای گروپو لایەنە جۆراوجۆرەکان، دوور لەشێوازێکی تەقلیدیو سڵەمینەوەو ماستاوچێتیو خۆپارێزیو ئەوەی ئەمڕۆ زۆر باوە خاتری خاتران دەگێڕێت، بەمەودا گشتگیریو فراوانەکەی رووپێوبکەیت، کفری مەعریفیو تەنانەت ئیلاهیشە سەرلەناو خەڵك، وەکو مێگەل بۆ بەرزە گەڵا بەرزبکەیتو مۆڵەتی تەخشانو پەخشانی ڕۆژنامەو ڕۆژنامەسازیش بخەیتە نێودۆلانی گەرمەوە، ئاخر ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنوسی ڕاستەقینەو بەنەخش، ئەوانەن کە کارلەسەروگاریگەری لەسەر حیزبو سیاسەت، لەبواری کارگێڕیو لەمەڕ مەسەلە داراییەکان، لەنێوەندە کۆمەڵایەتیو هونەریو تەنانەت ئاینو ئاینزاکانیش دەکەنو بەجێدەهێڵن، کۆمەڵگا لەکونو کەلەبەرە داخراوو چەقبەستووەکانەوە بەرەو کشانو کرانەوە دەبەن. بۆکۆمەڵگایەکی لەمەڕ خۆمان، ئەگەر بڕیارە، ڕۆژنامە بۆکاری ڕۆژنامەگەریو ڕۆژنامەنوسیش بۆکاری ڕۆژنامەوانی بەکاربرێن، دەبێ لەپرۆسەی گەشەپێدانی دیموکراسیو مەدەنیدا، لەپرۆسەی گەشەپێدانی نیشتیمانیدا، لەبواری چاکسازی کارگێڕیدا، ڕۆڵی بێ چەندو چوونی چالاکانەی خۆیان بگێڕنو تەنانەت پەلباوێنە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی وەك ئەوەی لەبوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان هاوڵاتی ڕۆژانە ئیشیان پێیەتی، ئەمرۆو نەوەی تاکی کوردەواری، زیاترو زۆرتر لەتاكو کۆمەڵە جۆراو جۆرەکانی تری گەلانی دنیا، بەتایبەتیش گەلانی خۆرئاوا، پێویستی بەڕوونو ڕەوانبێژی ئەو دەزگاو دامەزراوە یان ئەو ڕۆژنامەو بڵاوکراوە، شەفافو ئازایانە هەیە سروشتی مرۆڤبوونیان دەپارێزێو گەشە بەژیانو ژیارییان دەدات، نەك خۆپارێزو نەخشو پەخشی دوو رووی زیان بەخش، هەروەك چۆن کاتی ئەوەش هاتووە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەجێگەی ئەم هەموو پەرشو بڵاوییەی ڕۆژنامەگەریو هاوکاریکردنی دارایی، بەگەڵاڵەکردنی یاسایەکی نوێوە دەستەبەری تەواوی ئازادییەکانی ڕۆژنامەوانیو ڕۆژنامەنوسان بکاتو بەرگریکارێکی سەرسەختیان بێت، چونکە هەر ڕۆژنامەو بڵاوکراوەیەك ئەگەر بەجورئەتەوەو بێتەمەیدانی کارکردنەوە، بەنەخشی خۆی دەتوانێ خۆی بژێنێت، نەك ئەو جۆرە ڕۆژنامانەی چەندین ملیۆن دیناری لەپشتەوە داناونو لەساڵێکدا، کەبەلگەم لاهەیە پێنج سەد دانەیان لێ نافرۆشرێت. ڕۆژنامەیەك لەساڵێکدا پێنج سەد خوێنەرو کریاری نەبێت، جگە لەمانای لەپەراوێزدا هەڵسوڕان، مەنجەڵی شلەمەنییەکەو مشکی کەوتۆتەناو، هەرچییەك بێت پێویستی بەرشتنو دوورخستنەوەوە هەیە، نەخۆشیەکەو پێویستی بەعیلاجو نەشتەرگەریو مامەڵەیەکی عەقڵانییەوە هەیە، زەمەنو ئەزموونیش ئەو حەقیقەتانە ڕۆژێك دێ ڕوونتر پیشانبداو ساغیان بکاتەوە...

# رادیۆی لاوانی رانیە ... لەبەسەر کردنەوەیەکی زناردا

# کارمەند عەزیز: زۆر کەس هەیە قەناعەتی بەوە نییە ئێمە خۆبەخش لەم رادیۆیە کاردەکەین








رادیۆی لاوانی رانیە، کە نزیک بەساڵێکە لە رانیە دامەزراوەو پەخشی بەرنامەکانی خۆی لە رانیە دەست پێکردووە، لەسەر سیستەمی وڵاتی سویدو وڵاتانی ئەسکەندەنافییە، یەکێکە لە پرۆژەکانی وەزارەتی وەرزش‌و لاوان کە لەرانیە دایمەزراندووە. لەم رادیۆیەدا کارکردن بەخۆبەخشەو جیاواز لەهەموو رادیۆو راگەیاندنەکانی کوردستان یەکەمجارە بەخۆڕاییو بەبێ موچە رادیۆیەکی بەم شێوەفروان‌و قەرەباڵغ بە بەرنامەی تەرفیهی‌و رۆشنبیریی‌و هونەر، ئەوەی لەم رادیۆیەدا شتێکی زۆر سەنج راکێشەو یەکەمجارە لە کوردستاندا هەبێت، ئەویش، دەرفەت بەخشینە بە کۆمەڵەو رێکخراوەکانی ناو رانیە کە هەر کۆمەڵەیەك دەتوانێ بەرنامەی خۆی هەبێت، لەبەرامبەر دە هەزاردینارە بۆ هەر



مانگێك وەكو پارەیەكی رەمزی.. مامۆستا كارمەند بەڕێوەبەری رادیۆكە لەم بارەیەوە دەڵێ: تا ئێستا وەزارەتی وەرزش و لاوان هەموو ئەوشتانەی كە بۆ رادیۆكە پێویستن بۆمانی دابین كردووە، ئەمە جگە لەوەی هەموو ئەو رێكخراوو كۆمەڵانەی كە بەشدارن لە رادیۆكە بڕە پارەیەكی رەمزیان لێوەردەگرین، كە لەهەفتەیەكدا بەرنامەیەكی یەك سەعاتیان دەبێت لە بەرمبەردا ئێمە مانگی دەهەزار دیناریان



لێوەردەگرین، كە پارەیەكی رەمزییە. ئەمەی ئێستا دەیبینن هەر رادیۆ نییە، بەڵكو ئەمە پرۆژەیەكی فروانترە بەناوی فەرهەنگخانەی رانیەوە، ئێستا ئێمە خولی زمانی ئینگلیزی...تاد، بڕیارە لەبواری تریشدا كار بكەین، ئێمە بۆ هەر مەسروفاتێك وسولاتێك دەیدەینەوە وەزارەتو ئەوانیش پارەكەمان بۆ دەگێڕنەوە، بەڵام دڵنیابن هیچ كەسێك لەو كارمەندانەی لێرە كاردەكەن بە بەڕێوەبەریشەوە، هیچی یەك دینار موچەی نییە، ناشكرێن موچە بدرێت، گەر وابێت جیاوازیمان چییە لە راگەیاندنەكانی دیكە. سەبارەت بە مەودای پەخشیان كارمەند عەزیز دەڵێ: تا ئێستا مەودای پەخشمان زیاتر رانیەیە، رەنگە لە چوارقورنەش وەربگرێت بەڵام بە كەمتر لەچاو رانیە، پێشتر بڕیار بوو تەنها رانیە بێت بەڵام ئێستا پێویستە پەخشەكەی فروانتر بكەین چونكە ناتوانرێت لەهەموو شوێنەكانی ئەو دەڤەرە هەمان ئیش بكەین، بۆ ئەوەی بگاتە تەواوی پشدەرو بیتوێن. ژمارەی كارمەندەكانمان زۆر زۆر نییە، خەڵكانێكی زۆر رۆژانە دێنە لامان بەڵام زۆریان ناتوانن تاسەر بەردەوام بن، ئێستا بیست كارمەندمان هەیەو شەش حەوتێكمان دەستەی سەرپەرشتیاری رادیۆیەكەیە، حەفتانە ئیشكگریمان هەیە لەناو رادیۆكەدا كە كارمەندەكان ئەم كارە دەكەن. لەسەر شێوازی جۆری بەرنامەكانیش گوتی: تا ئێستا شێوازی بەرنامەكانمان لەسەر شێوازی كۆمەڵایەتی خۆیان دەبیننەوە، هەروەها لەبواری تەرفیهی و سیاسیش بەرنامەمان هەبووە، لەگەڵ بەرنامەی هونەریش، بەڵام ئێمە ویستوومانە تەركیزی زۆر بخەینە سەر خودی گەنجان چونكە پرۆژەكە خۆی گەنجانەیەو زیاتر بەرنامەكانمان گەنجانەن. سەبارەت بەرادەی گوێگران و ناسراوی لەناو خەڵكدا كارمەند عەزیز دەڵێ.. ئێمە ناڵێین بەرنامەكانمان زۆر زۆر گوێگری هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گوێگری بەرنامەكانمان كەمنین، پێموایە لە زۆر لە دەزگاكانی دی لەوانەیە باشتربین، خەڵكی زۆریش پەیوەندی بەبەرنامەكانمانەوە دەكەن و رای خۆیان دەڵێن. لەسەر گیروگرفتی ئەوان كارمەند وێڕای سوپاسی زۆری بۆ قایمقامی رانیە، كە ئەو بینایەی بۆ دابین كردوون كە ئێستا لەرووی بیناوە هیچ كێشەیەكیان نییە، تا



ئێستا ئێمە ناتوانین دەست بۆ هەندێك شت ببەین، نەبوونی كارمەندی پێویست بۆ هەموو ئیشەكان، چونكە ئێرە پێویستی بە خەڵكانێكە رۆژانە بەردەوام بمێنێتەوە، خەڵكیش پێویستی بەژیانی خۆیەتی، بازاڕیش لێرە ریكلام بۆ كاڵاكانی ناكات، كە

